سەید حەکیم چاوی بە سەرۆکی هاوپەیمانێتی خەدەمات دەکەوێت و گرنگی یەك هەڵوێستی و خێراکردن لە تەواو کردنی شایستە دەستوورییەکان دووپات دەکاتەوە



لەمیانەی گفتوگۆ کردن لەگەڵ هێزە سیاسییەکان بەڕێز سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا چاوی بە بەڕیز شبل ئەلزەیدی سەرۆکی هاوپەیمانێتی خەدەمات کەوت، لەم دیدارە باسی سروشتی دۆخی سیاسی ولات و شایستەکانی داهاتوو کرا، بەتایبەتی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە و پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، لەگەڵ جەختکردن و پابەندبوون بە کات و ساتە دەستوورییەکان.

لەم دیدارە بەڕێز حەکیم گوتی عەراق ئەرێنییەکان کەڵەکە دەکات و لە سەقامگیری هەمیشەیی نزیك دەبێتەوە و گوتیشی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە بەهۆی ڕێژەی بەرزی بەشداربوون وەك پەیامێك وابوو کە هاتە پاڵ
پەیامە ئەڕینییەکانی دیکە کە عەراق بەرەو چەندین لایەن هەڵیدا.

.هەروەها لەم دیدارە گرنگی هەماهەنگی هەڵوێستەکان دووپات کرایەوە لەگەڵ یەکریزی چوارچێوەی هەماهەنگی بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە چاککردنی سروشتی ئابووری و پاڵپشتی حکومەتە نەوخۆییەکان و دابین کردنی هەلی کار کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژیانی هاولاتیان هەیە.